


# کورد  بۆ قەرزار ی ئەمریکایە

**ئاسۆ**

هە شتا ساڵ زیاترە کەکوردو بزووتنەوە سیاسی‌یەکەی خەبات و قوربانی دەدا لە پێناوی گەیشتن بەئازادی و سەربەخۆی دوای ئەنفال و هەڵەبجە دوای ئەو دەریا لە خوێنو فرمێسکە سەرەنجام کورد لەئازاری 91 دا بە را پەڕینێکی جەماوەری توانی بەشی زۆری کوردستان لە ژێر دەستی ڕژێمی رژێمی صدام دەربکات وخۆی حوکمڕانی خۆی بکات لەوەتەی کوردو بزووتنەوە سیاسیە کەشی هەیە پشتیوانی لێنە کراوە لەلایەن زلهێزە جیهانیە کانەوە کورد بێ پشتیوانی دەرەکی درێژەی بەخەباتی سیاسی وسەربازی خۆی داوە دووای پرۆسەی ئازادی عێراق و ئەو هەلو مەرجەتازەیەی کە هاتۆتە ئاراوە زلهێزێکی جیهان فەرمانڕەوای عێراقی کەوتە دەست سەرکردایەتی سیاسی کورد هەموو خەبات و قوربانیە کانی خۆی لە بیر کردو ئە مریکای بەڕزگار کەری کورد لەقەڵمدا تا ئێستا لەزاری بەر پرسە سیاسیە کانەوە وا ڕادەگەیەنرێ کە ئەمریکا کوردی لەدەستی صدام بۆ هەتا هەتایە ڕزگارکردو ئەمریکا داکۆکی کەرە لە مافەکانی کوردستان لەکاتی پرۆسەی ئازادی کەرکوك و هەمو ناوچە کورد نشینە کوردیە کان ئە وانەی لەژێر دەستی ڕژێمی عێراقدا بوون هێزەکانی پێشمەرکە ڕزگاری کردن بەلاّم یەکەمین کار کە ئەمریکاکردی دەرکردنی هێزی پێشمەرگە بوو لەوناوچانە لەو کاتەشەوە تا دەگاتە ئەم چرکەساتە ئەمریکا پێشێلی مافەکانی کوردی کردووە سەرنج بدەن لەدوای ڕووخانی ڕژێمی صدامەوە چەندین گزگلی عەرەب لەعێراقدا سەریان هەڵداوە و بەهەمو شێوەیەك دژی ئەمریکاو ەرژەوەندیەکانی دەوەستنەوە موقتەدا صەدر بانگەشەی دژی ئەمریکا کردو تەنانەت شەڕی چەکداریشی لەبەرامبەردا بەرپا کردن کەچی ئەمریکا لەبەرامبەریان سازشی کردو تیرۆرستە عەرەبەکانی فەلوجەو ئەوانەی کەدەیانەوێ خەڵك بگەڕێننە وە بۆ سەردەمی شەڕە شمشێر بەهەموو شێوەیەك سەربازی ئەمریکایان دەکوشت و کار گەیشتە ئەوەی لەبەردەم چاوی کامێرا ی کەناڵەجیهانیەکانەوە لاشەی ئەمریکیەکان بسوتێنن وسوکایەتی بەتەرمە کانیانەوە بکەن  کەچی ئە مریکا گفتوگۆی لەگەڵ دەکردن و بەلاّم بەپێچەوانەوە کورد بەهەموو شێوەیەك هاو پەیمانی لەگەڵ ئەمریکا دەکات بەلاّم ئەمریکا ڕێزی لەداواکانی خەڵکی کوردستان نەگرتووە ئەوە ی کەجێگەی سەرنج و قسەکردنە ئەوەیە کەبۆ هێزە سیاسیەکان پرسیار لەخۆیان ناکەن کەتا کەی لە دۆستایەتی کردنی ئەمریکا بەبێ بەرژەوەندی بەردەوام دەبن دەمێکە پارتی و یەکێتی وەك دوو حزبی دەسەلاّتدا ر لەکوردستان باس لە هاوپەیمانی کوردو ئەمریکا دەکەن بەبێ‌ئەوە ڕوونی بکەنەوە ئەو هاوپەیمانیە چ بەرژەوەندیەکی بۆ کورد هەیە ئەوە کە لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە بینیومانە ئەمریکا بەکردەوە هیچ کارێکی نەکردووە بۆ بەرژەوەندی کورد وەتاوەکو ئەم چرکە ساتە ئەمریکا وەك عێراقی مامەڵە مان لەگەڵدەکات نەك وەك کوردستانی جگە لەوەش ئەگەر سەیر بکەین ئەمریکا بەپێچەوانەی بەرژەوەندیەکانی کورد کاری کردووە لە ەرکوك وناوچە ئازاد کرا وەکان بەلاّم سەرکردایەتی

سیاسی کورد  بەهەموو شێوەیەك پێمان دەڵێن ئەمریکا هاوپەیمانی کوردە تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی کە یەکێك لە سکرتێری حزبە کوردیەکان بڵێت کە کورد قەرزاری ئەمریکا یەو دە بێت تا 25 ساڵ ئێمە ئیمزا ی ئەوە بکەین کە ئەمریکا خێرو بێری ئەم وولاَتە بەرێت بۆ خۆی ئەوەی  ئەلف و بێ یەك لە سیاسەت بزا نێت  تێدەگات کە ئەمریکا بۆ بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری خۆی هاتۆتە عێراق نەك لە بەر چاوی کاڵیکورد دووای ئەو هەموو دۆستایە تیەی کوردیش کە گوڵبارانی ئەمریکایان کردووە لە هاتنیانەوە هەتا ئێستا  وە عەرەبەکانیش بە پێچەوانەوە لە هاتنی ئەمریکی یەکانەوە تاوەکو ئێستا لێیان دەکو ژن چونکا بەرژەوەندی ئەمریکا وا دەخوازێت کە سیستانی و یاوەرو عەلاوی دۆستی بێت گوێ بۆ داواکانیان دەگرێت بەلاَم بەپێچەوانەوە لەگەڵ کورد نیە و ئەوەش کە بزووتنەوەی سیاسی کورد ناوی ناوە هاو پەیمانیە تی جگە لە خزمەتکردنی سیاسەتەکانی ئەمریکاو عەرەبە شۆڤێنیە کان هیچی تر نیەو ئەم هاوپەیمانیەش کە باسی دەکەن زەرەری زیاترە لە قازانج لە ئێستاشدا کە لە سەرو بەندی هەڵبژار دند ا ین کورد بەناوی دۆستایەتی ئەمریکا و بەر ژەوەندی بالاَی کوردستان دووای جێبەجێ نە  کردنی بڕگەی 58 لە یاسای کاتی بەڕێو بردنی عێراق  لە هەڵبژاردنی کەرکوکدا بەشداری دەکات کە جارێکی تر عەرەبی هاوردەو ئەوانەی کە موڵکی کوردیان دابەش دە  کرد لە ئەنجو مەنی پارێزگای کەرکوك دەبنەوە زۆرینەو ئەو کاتەش شەرعیەت بە مانەوە یان دەدرێت وە ئەوەش کە زەرەر دەکات لەم  هەڵبژا ردنانە  کورد دەبێت